وەزارەتــی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٣٠٤١
ڕێکەوت : ٥ / ٩ / ٢٠٢٢

---

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.٢٠- ٢٠٢٢) تەندەری پرۆژەی**

**(دروستکردنی (٤)پۆلی خوێندن بۆ قوتابخانەی (چاڵە ڕەش) بنەڕەتی , دروستکردنی ( کافتریا ) بۆ پەیمانگای کۆمپیوتەری کەلار , نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی (٤پۆل)و دروستکردنی سیاج بۆ قوتابخانەی پێشمەرگە / کەلار)**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەڵێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان) , لە سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان/ ئیدارەی گەرمیـان ساڵی ٢٠٢٢ جێ بەجێ دەکرێت , هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریـاری لە دیـوانی ئیـدارەکەمان بکـات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ١٥٠ ) سەد و پەنجا ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جـێ بەجـێ دەکرێـت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (چوار شەممە ٧/ ٩ /٢٠٢٢ )ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (سـێ شـەممە ٢٠ / ٩ / ٢٠٢٢) کـاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( ١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خـاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( یەک شەممە ٢٥ / ٩ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە وە ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشـداربوان بـۆ هەر پرسـیار و ڕوونکـردنەوەیەك لەسـەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی ئیـدارەی گەرمیـان / ب. گرێبەستەکان بکەن .
- مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٨ ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێـی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان ..

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦-  فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

٧-  دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**رامیار عبدالرحمن احمد**

**ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**